## دواسەرنج

# گیسکی هەیاس



ئارام گەردی

نوکە، کە من دەنڤیسم، مووچەی فەرمانبەران دابەش نەکراوە، لێ کە تۆ وا دەیخوێنیەوە، مووچەکەت وەرگرتووە بە زیادەی تەنها مانگێك و دووریش نییە، نیوەت لێ خەرج کردبێت!

هەواڵی مووچە، سەرتاپای ژیانی خەڵکی کوردستانی داگیر کردووە، پاڵەوانی نووچەکانیش لە کۆی ئەو چەند مانگە هەردوو بریکارەکە بوون، یەکێکیان لە کورتەیەکی هەواڵدا، فەرەحنایی دەخستە دڵی مووچەخۆران، هێندەی نەدەبرد، لێدوانێکی ئەویتر لە ژێرهێڵی هەواڵی یەکێك لە تێلەفزیۆنەکان، گرژی و دەمارگیریی دەکردە میوانی خوێنەران و بینەرانی!

لەو ماوەیە خەڵك بە تەواوی بێ متمانە بوون، تەنانەت هاووڵاتییانی قورپەسەر جاربەجار قسەی خۆشیان بەدرۆ دەخستەوە. ئێمە لە خاکی میزۆپۆتامیا دەژین، لێ لەو کوردستانەی خۆمان هیچ شتێك گرەنتی نییە، تا بەچاوی خۆت نەیبنیت، کەچی لە وڵاتانی پێشکەوتوو، پلانی دە ساڵە و بیست ساڵەش هەیە، بۆ نموونە لە سوێد، هاووڵاتیی کە چرکەیەکیش رووناکی لێ نابڕێت، خوانەخواستە ئەگەر هەڵەیەکی تەکنیکی هەبێت، یا پرۆژەیەکی چاککردنەوە هەبێت، ئەو هەڤوەڵاتییە پێش چەند مانێگ ئاگادار دەکرێتەوە، کە کارەبای لە فلانە رۆژ و فیسارە کاتژمێر، بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی کەم دەبڕێت. کەچی لە کوردستان لێکۆڵەرە دادییەکان(بۆ نموونە)، سی رۆژ بوو، بێ پسانەوە هەزاران هەواڵییان بە گوێدا چرپاندن، ملیۆنان حیساب و کیتابیان کرد، لە کۆتاییش تا وەرگرتنی مووچەکە، هەر نەیاندەزانی چەند وەردەگرن! تۆ لەوە گەڕێ حەفتاو پێنج هەزاری دەرماڵەی بڕوانامە و دووسەت هەزاری ترسناکی بە مەرگی حەتمی سپێردران و پرسەکەیان لە ئەنجومەنی دادوەریی بەڕێوە چوو.

ئێستا لێکۆڵەرەکانی دادی، تەماشای لیستی ئەو مووچەیە بڵاوکراوەیەی راوێژ دەکەن، کە هاوپیشەکانیان لە دادگاکانی کەرکوکی ئازیز وەریانگرتووە و ئاخ و ئۆف هەڵدەکێشن، وەزعەکە ئەوەندە ئاڵۆز بووە، نازانن خەتای کێیە؟ هیچ دوور نییە، رەخنە لە من بگرن، کە بۆ مووچەکەیانم وا لێکردووە؟!

لەسەر رۆشنایی هەواڵە خۆشەکانی زیادبوونی مووچە، سەدان مووچەخۆر بەرنامە و کاریان لەسەر بیناکردووە، بۆ پرۆژەکانی داهاتوویان، لێ لەگەڵ وەرگرتنی مووچە زیادبووە خێرلەخۆنەدیوەکە، ئەسپی خەیاڵیان لە زەلکاوی رەشبینیدا گیرساوەتەوە؟ ببورن کە بوومە هۆی وەبیرهێنانەوەی ئازارە پەنگخواردووەکانتان.

لەو بینە و بەردەیەدا، تەنها کەس کە قازانجی کرد، بەبێ ئەوەی مووچەشی زیاد بێت، بازرگانە بێویژدانەکانە، کە هەرچی کەلوپەلی ئێکسپایەری ژەهراوی هەیە، لە سکی ئەو میللەتە مەزڵومەیان ساخ کردەوە، لەپڕێکا بەبێ ئەوەی حیسابیش بۆ چاودێری نرخی حوکومەت سزا بکەن، نرخەکانیان چەند قات کردەوە، بڕوا بکەن مووچەی فەرمانبەر چەند قاتیش بێت، بڕوا ناکەم ئۆخژنی بە دڵی دا بێت، ئاخر ئەو بێویژدانانە، ددانی تیژی ژەهراوییان هەمیشە لە نەرمە گۆشتی ئێمەدا لە بۆسەدایە و ئەوە چونکە بەنج کراوین، هاواریشمان لێ هەڵناستێت.

خۆزگەی ئەوەمە، ببینم رۆژێك بەتەواوی میللەتەکەم، بەدرێژی پێ بکەنێت، ئەی قابیلە لێ بگەڕێن زەردەخەنەی مووچەخۆرە خۆشەویستەکان، لە سوپەرمارکێتەکان بگەشێتەوە. حەیفت نەکرد ئەو بەخشندەییە بنوێنن، هاووڵاتییانیان(تەشبیهـ نەبێت) مینا گیسکەکەی هەیاس لێ کردووە، رۆژێك جۆ و رۆژێك گورگی پێ نیشان دەدەن.

ئای مووچە!! چۆن لێمان بوویتە نووچە
حوکومەت بلۆکی تێ گرتین، کەچی گوتی: کەرپووچە